



# دهۆکی دەلال بە دەنگی زولالی بەڵێ پێشوازی لە سەربەخۆیی دەکات



سامان عومەر:

**ریفراندۆمی باشوور مافە، جۆرێکی شەڕو توندوتیژی نییە باشووری کوردستان پەنای بۆ ببات، بەڵکو دەنگدانە و گەڕانەوەیە بۆ ئیرادەی نەتەوە، لەبەر ئەوە مافە و دەبێت هەموو کورد و کوردستانییەکان ئەم مافەی خۆیان بە کاربهێنن**

**هەتا دێ لە رۆژە مێژووییەکەی کوردستانییان و رۆژی دەنگدان بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نزیکتر دەبینەوە. هاونیشتمانییانی خۆڕاگر و نیشتمانپەروەر لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، خۆیان ئامادە دەکەن هەتا بە دەنگی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی، وڵاتێکی خاوەن سەروەریی و سەربەستی بونیاد بنێن، ئەو وڵاتەی کە خوێنی گەشی دەیان هەزار رۆڵەی ئەم نیشتمانەی لە پێناودا رژاوە. خەڵکی دهۆکی دەلال و نیشتمانپەروەریش بە دەنگی بەڵێ دەیانەوی رۆحی پاک و مەزنی شەهیدانی وڵاتپارێز شاد بکەن و لە تۆمارکردنی ئەو سەروەرییە مێژووییەدا بەشدار بن کە نەوەی ئێستا و جیلەکانی داهاتوو لە سێبەریدا دەحەوێنەوە و گەشە دەکەن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سامان عومەر دانیشتووی دهۆك و شارەزایی بواری ئاسایشی نەتەوەییە و لە دەستپێکی وتەکانیدا سەبارەت بە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دەڵێت: «هەڵبەت شانازی و شەرەفێکی گەورەیە بۆ مرۆڤ کاتێك بەشدار دەبێت لە پرۆسەیەکی نەتەوەیی، بەتایبەت کاتێك پرۆسەکە ئامرازێك بێت بۆ بنیادنانی دەوڵەت، یان ئازادی و ئاسایشی سەرتاسەری بە فۆرمی نەتەوایەتی و نیشتمانی. ریفراندۆمی باشوور بەرەو سەربەخۆیی، پرۆسەو کارێکی زۆر راست و رەوایە و رەهەندەکانی یاسایی و دەستووری و دابونەریت و بەهای مرۆڤایەتی پێوە دیارە. بێگومان ئەم ریفراندۆمە لە پێناو زیندوویی گەل و وڵات و سەلامەتی و سەرفرازی کوردستانییانە بە مەرج و پیرۆزییەکانی نەتەوە و نیشتمان و زمان و مێژوو و جوگرافیا و کەلتوور و بەرژەوەندی، لە هەمان کاتدا باشترکردنی ستوونەکانی ئەمڕۆی ئاسایشی باشوورن بە هەموو روویەکی وەك ئاسایشی سیاسی، ئابووری، لەشکری و کۆمەڵایەتی و گشت رەهەندەکان.»

گوتیشی: ئەوەی گرینگە بگوترێت و کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بیرۆکە بکرێت، دەبێت هەموو لایەك ئاگاداری ئەوە بێت، ریفراندۆمی باشوور مافە، جۆرێکی شەڕو توندوتیژی نییە باشووری کوردستان پەنای بۆ ببات، بەڵکو دەنگدانە و گەڕانەوەیە بۆ ئیرادەی نەتەوە، لە بەر ئەوە مافە و دەبێت هەموو کورد و کوردستانییەکان ئەم مافەی خۆیان بە کاربهێنن بە دەنگی بەڵێ، بەڵێ بۆ بە دەوڵەتبوونی باشووری کوردستان. بێگومان ریفراندۆم چارەسەرە بۆ باشترکردنی وڵاتەکەمان، بۆیە من خۆم وەك کوردێك، شانازی بەوە دەکەم کە ئەمڕۆ لە ژیانم و دەبینم نەتەوە و نیشتمانی من ریفراندۆم ئەنجام دەدەن و منیش بە دەنگی بەڵێ بەشداری تێدا دەکەم.»

ئەو شارەزایەی بواری ئاسایشی نەتەوەیی، پێشنیار دەکات «سەرکردایەتی سیاسی لە باشووری کوردستان دوای سەرخستنی پرۆسەی



تەنیا زکری:

**بە هۆی بێ دەوڵەتی تووشی کیمیاباران و ئەنفال و خاپوورکردنی (٤٥٠٠) گوندی کوردستان بووین، سەدان هەزار قوربانیمان دا تا گەیشتین بەم قۆناخە کە دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدەین**






# 25 ئەیلوول
## بەڵێ بۆ کوردستان




نەجم ئیلیاس:

**گەل هەیە، خاک و کەلتوور و زمان هەیە، سنووری جوغرافیای خۆمان و مێژووی پرسەروەری و هێزی پارێزەر و قارەمانی وەک پێشمەرگەمان هەیە، بۆیە مافی خۆمانە خاوەن دەوڵەت بین**



رێگر مزوری:

**وتە بەرز و پرئومێدەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی بوو کە زۆر بە راشکاوی بە هەموو جیهان دەڵێ سەربەخویی بەدەست دێنین و سەردەکەوین**



چیان مەهدی:

**دایک و خوشک و هاوسەری پێشمەرگە و شەهیدان و هەموو ئافرەتانی کوردستان کار بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، دەمانەوێ ئەو دەستکەوتە مێژووییە لە دەست نەدەین و پێکەوە بڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

گشتپرسییەکە لە پێناوی بە خاوەن دەوڵەت بوون، پێویستە بە باشترین شێوە بەرنامە و پلانی زانستییانە بۆ دەوڵەتداری دابنێن و سوود لە کەسانی ئەکادیمیی وڵات وەربگرن، ئەوەش رەوشی ستوونەکانی ئاسایشی وڵات باشتر دەکات، هەروەها دەبێت رەچاوی ئاسایشی پەیوەندییەکان و دیپلۆماسییەت بکەن و پەرە بە هاوپەیمانی بدەن، هەروەها زۆر پێویستە ئامادەکاریی بەهێز هەبێت بۆ رێگرتن لە مەترسییەکانی ناوخۆ و دەرەوە .»

تەنیا زکری بەرپرسی کۆمەڵایەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە لە پارێزگای دهۆك و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «خەڵکی کوردستان شۆڕشی سەربەخۆیی بەرپا کردووە، ریفراندۆم ئەنجام دەدات و بە بەڵێ دەنگ بە سەربەخۆیی دەدات، چونکە دەنگی بەڵێ بۆ بەفیڕۆنەچوونی خوێنی سووری ١٨٢ هەزار ئەنفالکراوی کوردستانە، بۆ سارێژکردنی دڵی سووتاوی دایکی شەهیدان و بۆ وەڵامدانەوە ئەنفالکردنی (٨٠٠٠) بارزانییە.» گوتیشی: «بە هۆی بێ دەوڵەتی تووشی کیمیاباران و ئەنفال و خاپوورکردنی (٤٥٠٠) گوندی کوردستان بووین، سەدان هەزار قوربانیمان دا تا گەیشتین بەم قۆناخە کە دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدەین. ئەمەش بڕیارێکی مێژووییە بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی ژێردەستی و دەبێت بۆ هەمیشە بە ئازادی و سەربەستی بژین و لە ٢٥ی ئەیلوولیش مێژوویەکی نوێ بۆ کوردستان تۆمار دەکەین .»

نەجم ئیلیاس کارگێڕی رێکخستنی لیژنەی ناوچەی خەتارێ لقی ٢٠ی شێخان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «گرنگیی ریفراندۆم لەوەدایە کە خەڵکی کوردستان دەکاتە خاوەن بڕیار بۆ دروستکردنی دەوڵەت کە بە سەدان ساڵە قوربانی بۆ داوە و شۆڕشی بۆ کردووە و تووشی ئەنفال و کیمیاباران و دەربەدەری بووە، بەڵام زوڵم و زۆرداری و هەوڵی قڕکردنی کورد تەنیا دوژمنانی کوردی ریسوا و تەفروتوونا کرد و میللەتی کورد بە سەربەرزی مایەوە، ئەگەرچی ئێمەی کورد زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەس و نەتەوەی بێ دەوڵەتین، بەڵام گەل هەیە، خاک و کەلتوور و زمان هەیە، سنووری جوغرافیای خۆمان و مێژووی پرسەروەری و هێزی پارێزەر و قارەمانی وەك پێشمەرگەمان هەیە، بۆیە مافی خۆمانە خاوەن دەوڵەت بین، لە ئێستاشدا ریفراندۆم ئەو مافەمان بۆ دەگەڕێنێتەوە ئەوەش بەرهەمی خوێن و خەبات و شۆڕشەکانی کوردە، هەموو ئەو کارەسات و ئەو قوربانییانەی سەد ساڵی رابردوو بۆ هەلێکی وا و دەرفەتێکی زێڕینی وا بووە، بۆیە دەنگی بەڵێ لە ٢٥ی ئەیلوول وەفادارییە بۆ خوێنی شەهیدانمان.»

رێگر مزوری قوتابی زانکۆی دهۆکە لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ریفراندۆم بۆ ئەمڕۆی کوردستان پێویستیەکی زۆر گرنگە و هەموو کەسێك لە کوردستان بە هەموو لایەنێك دوور لە حزبایەتی دەبێت ئەم مانگە بە مانگی پیرۆزی کوردستان دابنێن.»، هاوکات دەڵێت: «ئێمەی نەوەی دوای نەوەدەکان زۆر خۆشحاڵ و سەربەرزین کە ئەو دەرفەتەمان بۆ رەخساوە هەتا بەشداری گرنگترین دەنگدان بین لە مێژووی گەلی کورد. کورد لە دێرزەمانەوە بۆ سەربەخۆیی و سەرفرازی تێکوشاوە، بویە نابێ ئێمەی نەوەی نوێ بێ هەڵوێست و نابەرپرسیار بین.» گوتیشی: «من وەك گەنجێك هەر لە ئێستاوە هەستاوم بە پرۆژەیەك بۆ ٥٠ گەنج لە کوردستان بۆ ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو، چونکە بە تەواوی بڕوام بە سەربەخویی و دەوڵەتی کوردستان هەیە، پرۆژەکەم لە ٢٠١٨بۆ ٢٠٢٢ بەردەوام دەبێت. هەر هەموومان پێویستە دەست بە پلان و کار بو دەوڵەتداری بکەین. ئەوەی کە متمانەی بۆ دروست کردم هەتا دەست بە پرۆژەکەم بکەم، وتە بەرز و پرئومێدەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی بوو کە زۆر بە راشکاوی بە هەموو جیهان دەڵێ سەربەخویی بەدەست دێنین و سەردەکەوین.

چیان مەهدی بەرپرسی ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە دهۆك، ریفراندۆم بە پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراسی ئەژمار دەکات و دەڵێت: «مافی هەر میللەتێکە بە سەربەخۆیی بژی و ببێتە خاوەن بڕیار و دەوڵەت و ژیانی تایبەتی خۆی. ئەگەر سەیری مێژووی میللەتی کورد بکەین، دەبینین گەلێك دەربەدەری و ناخۆشی بینیوە، ئافرەت بۆتە قوربانییەکی گەورە لە هەموو شەڕ و شۆڕش و خەبات و کارەساتەکانی وەك ئەنفال و کیمیاباران و هاوکات هەر بەرخۆدانی کردووە و قارەمانیەتی خۆی سەلماندووە، ئەمڕۆش دەتوانین بە دروستی خزمەتی وڵاتی خۆمان بکەین. بێگومان ئافرەت رۆڵی گەورەشی لە پرسی نەتەوەییدا هەیە، ئەوەتا دایك و خوشك و هاوسەری پێشمەرگە و شەهیدان و هەموو ئافرەتانی کوردستان کار بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، دەمانەوێ ئەو دەستکەوتە مێژووییە لە دەست نەدەین و پێکەوە بڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان .

25 ئەيلوول

بەڵێ بۆ کوردستان

# دەلیڤەک زێرین دەمەک گونجای

ژێدەرین مێژوییێ دیار دکەن کورد خودان ئەرد ودەستهەلات ومیرنشین بون و زور ژێدەر دبێژن کو بەغدا یا کوردان بو چیاییێ حەمرین ژی ومیسل وکەرکوك وهەمی ئەو دەڤەر یێن کوردان بون ودپەرتوکا (الحياة الزبية في الموصل) و پەرتوکا (أعوام الرماد فی العراق) نڤیسەرەکێ فەلەستینی و زور ژیدەرێن دی هەنە ئەردێ کوردا دیار دکەن وهەمی ب ساناهی هاتە ژێ ستاندن وحکوماتێن عیراقێ یەك لدویف یا دی هەر ئەو سیاسەت وپەیرەو بکار دئینا.
دیروك ژمە شەرم ناکەت وژمە ناترسیت دفەرهەنگا دیروکا جیهانی دا هەر تشتەك ئاشکەرایە و تێدا هاتیە کرن.
زور دەلیڤە بو کوردان هاتینە لێ کارتێکرن وهزر وعەقلیەتا دوژمنان نەهێلایە وبوینە رێگر وئەو دەلیڤە ژی نەمایە و کورد بوینە قوربانێ بەرژەوەندێین زلهێزێن جیهانێ، لێ نوکە قوناغەکا نویە و لوبییێ کوردان شیایە رەئیەکا دی دروست بکەت ولایەنین سیاسی وحکومەت و کەسایەتی یێن کوردان ژی کەفتینە د قوناغەکا دی داو شیاینە دوزا کوری بیخنە درەوشەکا باشتردا وبو رایا جیهانێ بدەنە دیار کرن کو ئەو دەلیڤێن بورین ئەڤە ژی ب پەروە نەچیت،ریفراندوم پروسەکا سیاسییە د چارچوڤەکی دیموکراسی دا تێتە پەیرەو کرن راپرسی یا گەلان (استفتاء الشعوب) رامانا وێ ئەوە بدەست ڤە ئینانا مافەکێ بەرزە، دیسا راپرسی ئەوە کو دەمێ یاسا دەستهەلاتا یاسایی ریکێ بدەت کومەکا مروڤان یان وەلاتان و هەرێمان کو داخوازا مافێن خو بکەن ب رێکێن یاسایی ولدویڤ هەمی بەندێن یاسایی بگونجن یان کو ناوەند یاسایی پیشیل بکەت ومافێن وەلاتیان بن ئاخ بکەن ومافین گشتی بهێنە باشێخستن.
راپرسی یا گشتی یان یاسایی زور جور هەنە ئەوژی راستڤەکرنا یاسایی یان راستڤەکرنا بەندەکێ ژ بەندان یان مەرسومەکی و راپرسی دهێتە هژمارتن شێوەکە ژشێوێن دیموکراسیەتا راستەوخو. ل ئەوروپا یەکەم جار راپرسی هاتیە ئەنجام دان ل سوێسرا ل هەرێما (سانت گالن) ل سالا (١٨٣١) و ل ئەلبانیا و دانیمارك و ئیتالیا و مالتا و سویسرا و روسیا و ئەمریکا لاتینی ل یوگسلافیا کولومبیا و ئۆروگوای وڤەنزویلا و وپتریا ویلایەتێن ئیکگرتیێن ئەمریکی و ل یەکەم جار راپرسی هاتیە کرن ل ئەمریکا ل ویلایەتا داکوتا جنوبی بو ل سالا (١٨٩٨)، بریارا سەروك بارزانی دای بو ئەنجام دانا ریفراندومێ ودەست نیشان کرنا دەمی کو ئەوژی (٢٠١٧/٩/٢٥)ئاشکەرایە عیراق ئەگەرێ سەرەکی بو هەرێما کوردستانێ داخوازا سەرخوەبون وجودابونێ بکەن، چونکە هەمی حکوماتێن عیراقێ ب دژی مللەتێ کورد راوەستایە ومافێن کوردان پێشیل کرینە ودژی بەرژەوەندێن مللەتێ مە راوەستاینە حکومەتا جەعفری و مالکی و عەبادی ژی مینا هەمی دەستهەلاتدار و حکوماتێن دی بەرژەوەندێین گەلی و بتایبەت بەرژەوەندێن مللەتێ کورد پشت گوە هاڤێتینە.
ئەرێ بوچی دێ جهێن خو یێن گەشتوگوزاری و رویبار وکانی یێن زەلال و تەزی گوری رەمل وهشکاتی وگەرماتی و هشکاتی یا عیراقەکا کەتی کەم، ئەرێ بوچی دێ چاندن وبەرهەمێن خومالی وچیا ودول ونەهال وجوانیا کوردستانا خو گوری دەشتێن گەرم کو خو مارحلیسە ژی نەشێن لێ بژین، ئەرێ بوچی دێ پێکڤە ژیان وئیکگرتنا ئایینان مەسیحی و ئێزیدی وموسلمان وئێك رێزیا کورد و مەسیحی وترکمان و ئێزیدی یا گوری مل ملان و دوژمناتیا گەل و ئایینان یا عیراقێ کەم. بلا بەس بیت گەلی کوردا گەلی خەلکێ هەرێما کوردستانێ خەلکێ سلێمانی وکەرکوك ودهوك و هەڤلێر وحەلبچە و زاخو و میسل بلا بێژینە جیهانێ مە دڤێت ژعیراقا عەرەبا ڤەبین، چونکە سەد سالێن دی ژی پێکڤە بین هەر دێ ژێکڤە بین ئەڤجا بلا دو دەولەتێن هەڤسو بین نە ئێك دەولەتا دگەل هەڤ دو دوژمن بین وب ئەنجامدانا ریفراندومێ دێ زور مادێن یاسایی ویێن هەلاویستی یێن دەستوری مینا ماددا (١٤٠)دێ هێنە جی بجیکرن.
لەوما دبێژم عیراق یا بەرەف ئیفلاسا سیاسی وئابوری ولەشکەری ڤە دچیت وعیراق زور بێ هێز بویە وشیانێن حوکمرانیەکا باش نینن ل ئالییێ مە (٤) پارێزگەه لبن کونترولا وان نینن ول خوارویێ عیراقێ ژی هەمی گریدای ئیرانی نە وئیران نێزیکە دەستهەلاتی لێ بکەت وجهێن سنە نشین ژی شەر و نەخوشی نە ودەڤەرێن کەفتینە ئانکو دێ بوچی خو ب وەلاتەکی ڤە گرێدەین کو ئەوان بخو شیانێن خوگرتن وخوبرێڤە برنێ نینن لەوما دبێژم براستی دەلیڤەکا زێرینە ودەمەکێ گونجایە ودەلڤە بلا دەشت مە نەچیت مینا دەهان دەلیڤێن دی ودا کورد ژی شاد بن ب ئەرد وئالا و زمان وکەلتوردا کو نەبنە وەلاتیین پلە دو وسێ وداکو ژبن منەتێن دوست ودوژمنان دەرکەڤین وئێدی بو خو بلوك بلوك وەلاتێ ب خوشی ئاڤا کەین وناڤێ کوردستانێ ل ناڤەندێن جیهانی بلند ببیت وگیانێ شەهیدان شاد بیت وداکو پێشمەرگە داستانین خو ب زێری بنڤیسن و بیژنە بەرەبابێن داهاتی ئاها ئەڤەیە بەرهەمێ مە وداکو کوردستان بەرەڤ ئاسویەکێ گەشتر ڤە بچیت .

**- بژیت کورد ئاڤەدان بیت کوردستان**



**خالد ئەحمەد بادی**

بۆ گوڵانی نووسیوە

# کوردانی فەیلی داوا دەکەن بەشداری لە پرۆسەی ریفراندۆم بکەن



مەدحی مەندەلاوی:

**هەموو دوژمنان هەراسان بوون و بە هەموو شێوەیەک دوژمنایەتی خۆیان دەردەبڕن و هەموو قوشبند وکوند و کەلەبەرێک لەبەر دەگرن بۆ هەرەسهێنان بەم پرۆسەیە بەڵام مەحاڵە سەربکەون، چونکە رەوڕەوەی مێژوو بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە**

نازەنین مەندەلاوی:

**داوادەکەین ناوچەکانی کوردی فەیلی (خانەقین، مەندەلی، بەدرە و جەسان) و چ لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق پشتگوێ نەخرێن و ئالییەتێک بدۆزرێتەوە کە ئێمەش بتوانین بەشداری لە گشتپرسی بکەین**

مەدحی مەندەلاوی وەزیری پێشوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «پێش هەموو شتێك بانگەوازی گشتپرسی بووەتە مایەی و چەرخانێکی گەورە لە مێژووی گەلی کوردمان، بە شێوەیەك گشت ئاژانسەکانی دەنگ و باس لە چوارچێوەی جیهاندا، باسی گشتپرسی کوردستان دەکرێت، بۆیە کورد توانی چەندین هەنگاو بچێتە پێشەوە و نزیکتر بێت لە مافی چارەی خۆنووسین، کوردە فەیلییەکانیش بەشێکی دانەبڕاون لەم میللەتە و دوارۆژیان بەستراوەتەوە بە گەلەکەی خۆیانەوە، هەمیشە ئەم چینە بوونەتە قەڵغان و سەنگەری یەکەمی نەتەوەی کورد، بۆیە دوور نییە باجێکی گەورە بدەن، بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا زۆر خۆشحاڵن و بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری لەم پرۆسەیە دەکەن .» گوتیشی: «هاووڵاتیی کورد ئەمڕۆ هەست بە خۆشی دەکات کاتێك کە دەبینی هەموو دوژمنان هەراسان بوون و بە هەموو شێوەیەك دوژمنایەتی خۆیان دەردەبڕن و هەموو قوشبن و کوندو کەلەبەرێك دەگرنەبەر، بۆ هەرەسهێنان بەم پرۆسەیە، بەڵام مەحاڵە سەربکەون، چونکە رەوڕەوەی مێژوو بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە و تازە مەسەلەی سەربەخۆیی بوو بە خەونی هەموومان.»

نازەنین مەندەلاوی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە خولی یەکەم، سەبارەت بە هەمان پرس، دەڵێت: «کوردە فەیلییەکان لە پێش هەموو هاووڵاتیانی کوردستان بەشداری لە پرۆسەی گشتپرسی دەکەن، لە بەر ئەوەی لەو رۆژەوە کە کوردستان بووەتە بەشێك لەم عێراقە، ئەوان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی قڕکردن و جینۆساید کە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق دژی میللەتەکەمان پەیڕەویان کردووە. هەروەها بەشداری هەموو شۆڕشەکانی کوردیان کردووە و مافی خۆشمانە ئێمەش وەکو میللەتانی تر بە ئازادی بژین لە سەر زێدی باب و باپیرانمان، ئامادەین بۆ هەموو ئەگەرێکی نەخوازراو، بەتایبەتی کە هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆرمان لێکراوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، کەس ناتوانێ جیامان بکاتەوە لە میللەتی خۆمان و شان بە شانی براکانمان لە شار و



# 25 ئەیلوول
## بەڵێ بۆ کوردستان

**کوردی فەیلی، یان کوردە فەیلییەکان، ناسناوێکی رەسەنی کوردانەیانەو بە درێژایی مێژوو لە رۆژهەڵاتی دیجلە ژیاون و بەشێکی دانەبڕاون لە کوردایەتی و پەیوەندی کەلتووری و سیاسی و هاوبەشیکردنیان لە خۆشی و ناخۆشییەکانی کورددا هەبووە، بەتایبەتی لە باشووری کوردستان. فەیلییەکان ژمارەیان زیاتر لە ((٥٠٠)) هەزار هاووڵاتییە و لە رووی نیشتەجێبوونیشەوە دابەش بوون بە سەر شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ژمارەکی زۆریان بەتایبەت لەناوچەی گەرمیانی کوردستان و بەغدای عێراق دەژین. کورداني فەیلی لە ستەمکاری و جینۆسایدی رژێمی بەعس پشکی شێریان بەرکەوتووەو تەنانەت ژمارەکی زۆریان بێبەش کراون لە ناسنامەی عێراقی، ئەوان پاش رووخانی رژێمی بەعس ژمارەیەکی زۆریان لە ئێران و وڵاتانی دیکە گەڕاونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی. ئێستاش کە لە (٢٠١٧/٩/٢٥) ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بەڕێوەدەچێت، کوردانی فەیلی جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەربەخۆیی کوردستان پێش هەموو کەسێک سەربەخۆیی کوردە فەیلییەکانە ، لەم راپۆرتەشدا سەبارەت بەم پرسە چارەنووسسازە رای خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



شارۆچکەکانی وڵاتی شیرینمان بەشداری لە بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان بکەین.» گوتیشی: «لەم هەلەدا داوا دەکەین کە ناوچەکانی کوردی فەیلی ( خانەقین و مەندەلی و بەدرە و جەسان) چ لە ناوەڕاست و و چ لە خوارووی عێراق پشتگوێ نەخرێن و ئالییەتێك بدۆزرێتەوە کە ئێمەش بتوانین بەشداری لە گشتپرسی بکەین.»

ئیبراهیم جەلیل فەیلی مامۆستای زانکۆ، بەم جۆرە راوسەرنجی خۆی لەبارەی پشتگیریکردنی کوردانی فەیلی لە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەردەبڕێت و دەڵێت: «کوردانی فەیلی وەکو هەموو چین و توێژەکانی کوردستان بە گوڕوتینەوە چاوەڕێی ٩/٢٥ دەکەن بۆ بەشداریکردن لەو پرسە نیشتمانییە کە چەندین ساڵە گەلەکەمان لە پێناو سەربەخۆیی تێدەکۆشێ و خەبات دەکات. بۆ هەموو لایەك دیارە کە رۆڵی کوردانی فەیلی کاریگەر بووە لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشەکانی کورد لە دژی رژێمە جیاجیاکانی عێراق، کە کاتی خۆی بە دوو جۆر پشتیوانی شۆڕشەکانیان کردووە. ئەگەر سەیری قوربانییەکانیش بکەین، دەبینین کە کوردانی فەیلی لە پێشەنگی قوربانیدەرانی کورد بوون، زیاتر لە ١٨ هەزار گەنجمان بێ سەروشوێن کراون، هەروەها زیاتر لە ٥٠٠ هەزار خانەوادەی فەیلی راگواستراونەتەوە بۆ ئێران. بۆیە کوردانی فەیلی ئێستا بە گوڕوتینەوە دەیانەوێت بەشدار بن لەو قۆناغە مێژووییەی میلەتەکەمان .»

پارێزەر ماجید عەبدولڕەحمان مەندەلاوی، هێما بۆ ئەوە دەکات کە گەلانی عێراق بە گشت نەتەوەکانیەوە، تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە رووی نەتەوەیی و مەزهەبی و شوێنی جوگرافی، بەتایبەتی کوردی فەیلی کەوا لە رووی نەتەوەییەوە هەمیشە شانازیی بە کوردایەتی

ئیبراهیم جەلیل:

**کوردانی فەیلی وەکو هەموو چین و توێژەکانی کوردستان بە گوڕوتینەوە چاوەڕێی ٩/٢٥ دەکەن بۆ بەشداریکردن لەو پرسە نیشتمانییە کە چەندین ساڵە گەلەکەمان لە پێناو سەربەخۆیی تێدەکۆشێ و خەباتی بۆ دەکات**

ماجید عەبدولڕەحمان:

**سوودمەندی سەرەکی لەم ریفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی کوردستان کوردی فەیلین بۆ ئەوەی لە ژێر چەتری کوردستانێکی سەربەخۆ و ئارام و دوور لە هەموو دەستدرێژییەک بە ئارامی بژین**



حەمدیە عەبدوڵا داود:

**ئازارو مەینەتی کوردی فەیلی زۆرتر بووە لە براکانی دیکەمان، ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت، زیاتر لە هەر کوردێکی تر بە قازانجی فەیلییەکان دەبێت**

قادریە مەندەلاوی:

**وەک ئافرەتێکی کوردی فەیلی یەک ملیۆن جار دەڵێم «بەڵێ» بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، پەنا بەخوا ئەو خەونە گەورەیەمان دێتە دی و دەبین بە خاوەن دەوڵەت**

سوبحی مەحموود:

**کوردی فەیلی بەشی زۆریان لە بەغداو هەرێمی کوردستان نیشتەجێن چۆن دەبێت لەم پرۆسە گرینگە بەشدار نەبن و بە «بەڵێ» دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەدەن، ناکرێت لە کۆتاقۆناغ بێبەش بکرێن**

عەلی فەیلی:

**رۆژی (٩/٢٥)دەرفەتێکی مێژوویی و زێرینە بۆ کورد هەتا بتوانین چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین و ئەرکی هەمووانە لەم رۆژە پیرۆزە دەنگ بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەین**

خۆی کردووە، لە رووی مەزهەبی شیعەوە و لە رووی جوگرافیاوە کەوتۆتە هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان شوێنی نیشتەجێبوونی کورد و نەتەوەکانی تر .» سەبارەت بە پرۆسەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستانیش گوتی: «ریفراندۆم رێگاچارەیەکی گرینگ و سەرەکی و چارەنووسسازە بۆ هەموو کوردو بۆ کوردانی فەیلی بۆ ئەوەی جارێکی دیکە رووبەڕووی ئەو هەموو نەهامەتییانە نەبنەوە کە پێشتر لە سەردەستی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی عێراق تووشی هاتوون. لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە کەوا سوودمەندی سەرەکی لەم ریفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، کوردی فەیلین بۆ ئەوەی لە ژێر چەتری کوردستانێکی سەربەخۆ و ئارام و دوور لە هەموو دەستدرێژییەك بە ئارامی بژین و وەك هەموو گەلێك کە بە ئازادی بیر و رای خۆیان هەبێت و مافی ژیانێکی شایستەیان هەبێت ،بۆیە دەڵێین بەڵێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان .»

حەمدیە عەبدوڵا داود، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە وەزارەتی پەروەردە، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە بابەتی گشتپرسی و سەربەخۆیی خەونی هەموو میللەتی کوردە، لە کوێ تاکە کوردێك هەبێت لە چوارچێوەی ئەم جیهانە، ئاواتی ئەوەیە کە ئەویش وڵاتەکەی سەربەست و سەرفراز بێت. گوتیشی: «کوردانی فەیلی وەکوو هەموو چین و توێژەکانی دیکەی میللەتەکەمان هیوایان سەربەخۆیی و سەرفرازی کوردە، چونکە هیچ خێرو بێرێکیان لەژێر سایەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق نەبینیووە، جگە لە ئەنفال و بەعەرەبکردن و راگواستن. بۆیە ئازارو مەینەتی کوردی فەیلی زۆرتر بووە لە براکانی ترمان، ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بێت، ئەوە فەیلییەکان زیاتر لە هەر کوردێکی دیکە قازانج دەکەن. کاتێك جەنابی سەرۆك بارزانی ئاڵای گشتپرسی بەرزکردەوە، شادی و خۆشی کوردانی فەیلی زۆرتر بوو.»گوتیشی: «ئێمەی کوردانی فەیلی وەك چۆن هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو بووین لە میللەتی خۆمان، هەر ئاواش لە ژێر سێبەری ئاڵای شەکاوەی کوردستان درێژە بە ژیانی خۆمان دەدەین و هیچ باکمان نییە لە هەڕەشەوگوڕەشەی دوژمنان نیە ، بەشداری لە ریفراندۆم دەکەین و بە دەنگی (بەڵێ) دەچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان.»

سوبحی مەحموود ئەندامی لقی ٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «کوردانی فەیلی لە کات و دۆخێکی سەخت دەژین و هاوکات شەمەندەفەڕی سەربەخۆیی بەڕێوەیە، بۆیە ترسیان هەیە لەم پرۆسە پیرۆزە بەشدار نەبن، لە کاتێکدا بە بەردەوامیی مێژوو کوردی فەیلی رۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە داگیرسان و بەردەوامبوونی جەنگی دژ بە داگیرکەران، قوربانی هەرە زۆریشیان داوە و هەست بە کەم گرینگی پێدان دەکەن، لەکاتێکدا بەشایەتی گشت سەرکردەکانی کوردستان ئەم چینە قوربانی گەورەیان داوەو ئێستاش ئامادەن قوربانی بدەن، جگە لەوەش کوردی فەیلی بەشی زۆریان لە بەغداو هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، چۆن دەبێت لەم پرۆسە گرینگە بەشدار نەبن و بە (بەڵێ) دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەدەن، بۆیە ناکرێت لە کۆتاقۆناغ بێبەش بکرێن».

قادریە مەندەلاوی بەرپرسی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لقی بەغدا، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەوپەڕی فەخر و شانازییەوە لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆمم، هێندە گەشبینم لە خۆشیاندا هەستەکانم وەسف ناکرێن، چونکە ئەنجامدانی ریفراندۆم پەیوەستە بە مەسەلەی چارەنووس و چارەی خۆنووسینی گەلێك و دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەو گەلەش گەلی کوردی خەباتگێڕە.» گوتیشی: «من وەك ئافرەتێکی کوردی فەیلی یەك ملیۆن جار دەڵێم بەڵێ بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، پەنا بەخوا ئەو خەونە گەورەیەمان دێتەدی و دەبین بە خاوەن دەوڵەت و قسە و بۆچوونەکانی (سەرۆك بارزانی) لە سەرووی هەموو بۆچوونەکان و ئەگەرەکانی تر دەبێ کە لە دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکرێن.»

عەلی فەیلی قایمقامی پێشووی سۆران و چاودێری سیاسی، سەرەتا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کوردانی فەیلی بەشداری لە سەرخستنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن.»، گوتیشی: «لای زۆربەی کوردە فەیلییەکان لە هەر شوێنێك بن، گومان لەوەدا نییە کە لایەنی نەتەوە و نیشتمان، پیرۆز و گەورەترە لە پابەندبوونی تائیفی و مەزهەبیی بەرتەسك. من دڵنیام لەوەی کە زۆربەی کوردە فەیلییەکانی بەغداو ناوچە دابڕاوەکان لە رۆژی گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان بە هەموو هێزو توانای خۆیان بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسە نەتەوەیی و نیشتمانییە پیرۆزە بەشدار دەبن. بە هیچ شێوەیەك ئەو هەڕەشەو تۆقاندنانە کە لەلایەن عەرەبە شۆڤێنییەکان لە کوردانی فەیلی دەکرێ، ئەمانە هیچیان نابنە هۆکار بۆ ئەوەی بەشداری نەکەن.»

ئەو چاودێرە سیاسییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بۆ ئەوەی چیتر نەهامەتی و رۆژە رەشەکانی ئەنفال و قەڵاچۆکردنی کوردە فەیلییەکان و دەست بەسەرداگرتنی سەروەت و سامانیان و بێ سەروشوێن کردنی ٢٠ هەزار گەنجی فەیلی و ئەنفال کردنی کوردە فەیلیەکان لەساڵانی حەفتاو هەشتاکان سەدەی رابردوو دووبارە نەبێتەوە، دەبێت لە کوردستانێکی سەربەخۆدا بژین. گوتیشی: «رۆژی (٩/٢٥) دەرفەتێکی مێژوویی و زێرینە بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین و لەم رۆژە پیرۆزە بە (بەڵێ) دەنگ بۆ سەربەخۆی کوردستان بدەین و بەشداری لە سەرخستنی گشتپرسی بکەین.»


25 ئەیلوول

بەڵێ بۆ کوردستان

# سلێمانی بە گوڕوتینەوە بەشداری لە کاروانی سەربەخۆیی و سەرفرازیدا دەکات

دوای ئەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، لە بڕیارێکی مێژووییدا ڕۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆییان دەستنیشان کرد، لە ئێستادا هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لە کەشێکی ئازاد و چارەنووسسازدا خۆیان بۆ چوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان ئامادە دەکەن، بۆ ئەوەی ببن بە خاوەن دەوڵەت و شوناسی خۆیان لە بندەستی و کۆیلایەتی و ستەمدیدەیی بۆ سەربەستی و سەرفرازی بگۆڕن، خەڵکی سلێمانیی قارەمانپەروەر و وڵاتپارێزیش بە ئایین و نەتەوەی جیاوازەوە، وەک مێژووی درەوشاوەی رابردوویان، جارێکی دی مێژووی سەرفرازانەی خۆتان تۆمار دەکەنەوە، بۆ ئەوەی سەروەریی خۆیان و وڵاتیان مسۆگەر بکەن. لێرەشدا ژمارەیەک نیشتمانپەروەر راوبۆچوونی خۆیان لە بارەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بۆ گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



عەمید ئەرسەلان:

**ئەو هەڵویستە بوێرانەیە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان هەڵمەت و شۆڕش و خەبات و قوربانیدانی زۆری بۆ کراوە، لە هەموو دنیاش ناوبانگی وایە کە پێشمەرگە پەلەپیتکەی چەکی لە پێناو ئەو ئامانجە گەورەیەدا تەقاندووە، خوێنی کورد و فرمێسکی ئافرەتی کوردی بۆ رژاوە و پەتی قەنارەی بۆ هەڵخراوە، بەڵام ئەوەی جێی داخە، ئەوەیە کە جاشی کوردزمان پارەی لە گیرفان نراوە، هەتا نەخێری پێ سپێردراوی لە دژی سەروەریی نەتەوەکەی بەرجەستە بکات**









سەرفراز نەقشبەندی:

**دەوڵەت پێی میللەت لەسەر عەرد و خاکی خۆی دادەنێت و چیدی دوژمن دەرفەتی قڕکردن و پاکتاوکردنی ئەو میللەتەی نامێنێت، حزب و کەسایەتی لە هەر قوناخێکی دیرۆکیدا دێن و دەچن، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە خاک و دەوڵەتە، کە گۆڕینی سیستەمیشی تێدا بەرپا دەبێت**



سامان سیوەیلی:

**زۆر سەیرە بەرەی دژە سەربەخۆیی جورئەتی ئەوە بەخۆیان دەدەن لەئاست ئەم خەونە گەورەیەی کوردان بە (نەخێر) دەنگ بەرز بکەنەوە، عێراقی ئەمڕۆ لە هەموو سەردەمانی پێشوو مەترسیدارترە بۆ کورد، هیچ خاڵێکی هاوبەش لەگەڵ عێراقدا کۆمان ناکاتەوە، هەتا زیاتریش لەو دەوڵەتە شکستخواردووەدا بمێنینەوە**



زریان حاجی:

**ئەگەر دەوڵەت دروست ببێت، دەتوانن ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگێک ببنەوە، بەڵام بە بێ دەوڵەت کەس حیساب بۆ کورد ناکات، هەروەها ناکرێت بەهۆی حزبێکەوە پرۆسەیەکی گەورەی وەک ریفراندۆمی سەربەخۆیی پەک بخرێت**

سەرەتا شیلان جەبار سەرۆکی ڕێکخراوی دایك لە سلێمانی، ئاماژە بەو دەکات کە هەر میللەتێك مافی خۆیەتی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری بکات، کوردیش قوربانییەکی زۆری لەو پێناوەدا داوە، ئێستاش ریفراندۆم ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە مافە زەوتکراوەکانی، هاوکات دەڵێت: «مەرج نییە هەر دوای ریفراندۆم یەکسەر سەربەخۆیی کوردستان رابگەیەندرێ، لەبەر ئەوەی پێگەی ئابووری دەبێت بەهێزتر بکرێت و لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان دانوستاندنی زیاتر بکرێت، هەتا بە شێوەیەکی ئاشتییانە کورد ببێتە خاوەن دەوڵەت و چیدی لەو مافە رەوایەی بێبەش نەکرێت.» جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لەم قوناغەدا کوردستان پێویستی بە چاکسازی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری و بە موئەسسەکردنی دامەودەزگەکانی دەوڵەت هەیە، گوتیشی: «ئەنجامدانی ریفراندۆم مافی رەوای خەڵکی کوردستانە و پێویستە یە هەموو لایەك پشتیوانی لێ بکرێ و هەموو کوردستانییەك دەنگ بە سەربەخۆیی بدات، چونکە سەربەخۆیی و رزگاری لە بندەستی ئاوات و ئامانج و خەونی لە مێژینەی خەڵکی کوردستان بووە و هەر لە سەر ئەم خەون و ئامانجەش قوربانییەکی زۆر دراوە و حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق هەمیشە هەوڵیان داوە ئەم خەونەمان زیندەبەچاڵ بکەن.»

سەرفراز نەقشبەندی خاتوونێکی ناسراوی کوردەو یەکەم سەرنووسەری ئافرەت بووە لە باشووری کوردستان و ئەویش بەمجۆرە راوسەرنجی خۆی لە بارەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی دەخاتەڕوو: «پەندێکی کوردی هەیە لەناو کوردان کە دەڵێت: (مرۆڤێکی بێ دەوڵەتە)، مەبەست لەوە کەسی (بەدبەخت و بێ شانس)ە، واتە کورد هەر لە کۆنەوە زانیویەتی بێدەوڵەتی بەدبەختییە، یان پەندێکی دی هەیە کە دەڵێت: مروڤێ بێ دەوڵەت کەم بزاڤی باشە، واتا مرۆڤ دەوڵەتی نەبێ، هەر هەوڵێکی بێ ئەنجام دەبێت. هەر ئەو دوو پەندە کوردستان لە قۆناخی ئەرێ و نەخێر دەرباز دەکات. مرۆڤی کورد ئەگەر گرێدراوی هەبوونی خۆی بوایە، لە کەلتووری خۆی دانەدەبڕا، کە لە دێرزەمانەوە هەستی بە ئازارەکانی نەبوونی دەوڵەت و سەرورەیی کردووە. راستە ترسێك لە لای گەلی کورد دروست بووە، چونکە لە زۆر قۆناخدا تووشی شکست بووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە دەست لە دەرفەت بەردات، یان دۆخی وڵات بکاتە بیانوو و خەونی ئەزەلی خۆی بە با بدات. لە ئەزموونی هەموو دونیادا بەخاوەن دەوڵەتبوون بێ کێشە و گرفت نەبووە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە داگیرکراون و داگیرکەر سیستمێکی شۆڤێنی پیادە کردووە. بەگشتی دەوڵەت پێی میللەت لەسەر عەرد و خاکی خۆی دادەنێت و چیدی دوژمن دەرفەتی قڕکردن و پاکتاوکردنی ئەو میللەتەی نامێنێت، حزب و کەسایەتی لە هەر قوناخێکی دیرۆکیدا دێن و دەچن، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە خاك و دەوڵەتە، کە گۆڕینی سیستەمیشی تێدا بەرپا دەبێت. واتە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی، نە بۆ کەسایەتی و نە بۆ حزبێك و نە تەنیا بۆ لایەنێکە، بەڵکو پرسێکی نەتەوەییەو تاك بە تاکی کورد لێی بەرپرسیارن و دەبێت شەرم لە خوێنی شەهیدان و پێشمەرگە وڵاتپارێزەکان بکەین.»

ناسك سەعید خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە میدیاو کەلتوور و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ئامادەسازیدایە بۆ ئەنجامدانی پرسێکی نیشتمانی و چارەنووسساز، ئەمەش بەرجەستەکردنی واقیعێکە کە چەندین شۆڕش لەپێناوی ئەو واقیعەدا بەرپا کراون. ریفراندۆم وەك میکانیزمێك و پرۆسەیەکی دیمۆکراسی بۆتە بژاردەیەك لەبەردەم هاونیشتمانیاندا بۆ بەشداریکردن لە ئایندەی هەرێمی کوردستان. بێ متمانەیی گەلی کوردستان لە بەرامبەر رژێمەکانی عێراق فاکتەری سەرەکیی ئەنجامدانی ریفراندۆمە، لەمێژووی عێراقدا کورد گەلێك نەبوون بە ئارامی بژین بەڵکو سەرجەم دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی دژی کوردستانییان بووە، لە عەبدولکەریم قاسم، کە شەڕی دژی کوردستانی ئەنجام دا لە ١٩٦١، یان عێراقی بەعس لە ١٩٦٣، کە هانای بۆ هێزەکانی سووریا برد دژی کوردستان، یان عێراقی ئەحمەد حەسەن بەکر، کە لەساڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتنی لەگەڵ کوردستان کردو هەڵیوەشاندەوە، یان عێراقی سەدام حوسێن کە بە کیمیاوی و ئەنفالی کوردەوە نەوەستا، یان عێراقی دوای ٢٠٠٣ هیچ کام لەمانە کورد نەیتوانیوە لەژێر دەسەڵاتیاندا بە ئاسوودەیی بژین. لەئێستادا کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی قۆناخەکانی بوون بە خاوەن دەوڵەت بەرجەستە بووە، لە رووی دانپێدانانی یاسایی و واقیعەوە لەمپەرەکان لەبەردەم هەنگاوەکانی سەربەخۆیی نەماون و بگرە پاڵپشتی نێودەوڵەتی فاکتێکی حەقیقیی ئەو پرسەیە. لە سۆنگەیەکی دیکەوە، بەپێی لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە هۆکاری هەنگاونانی هەرێمی کوردستان بەرەو سەربەخۆبوون کە لە دەستووری عێراقدا ئاماژەی پێ کراوە. لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق بە روونی باس لە هەرێمی کوردستان دەکات، وەك هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی دەیناسێنێت، بەڵام لەو کاتەوە هیچ هەنگاوێك بۆ ئەم جیابوونەوەیە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە نەنراوە. لەبەر ئەوە، پێویستە پەنا بۆ بەدیلێکی دیکە ببرێت، ئەویش یاسای نێودەوڵەتییە. لە یاسای نێودەوڵەتیدا، مافی بڕیاردانی چارەنووس بەم جۆرە پێناسە کراوە و دەڵێت: مافی بڕیاردانی چارەنووس پرۆسەیەکە، کە نەتەوەیەك یان هەرێمێك دەوڵەتبوونی خۆی رادەگەیەنێت و پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە دروست دەکات و حکومەتی خۆی رادەگەیەنێت. بەم جۆرە مافی چارەنووس لە ژێر رۆشنایی یاسا نێودەوڵەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك مافێکی گرنگ و بنچینەیی ئەژمار کراوە. لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لە رووی





## 25 ئەیلوول

## بەڵێ بۆ کوردستان

کارکردنەوە لە ساڵی ١٩٩١وە لە عێراق جیا بووەتەوە و بە شێوەیەکی یاسایی و بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق وەك هەرێمێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی ناسێنراوە، دەکرێت بوترێت کە هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی بە گەیشتن بەو مەرجانە داوای سەربەخۆیی بکات لە رێگەی پرۆسەیەکی دیموکراسی و گەڕانەوەی بۆ بڕیاری گەل، لەدواجاردا گەل بڕیار دەدات لەسەر هەڵبژاردنی ئایندەی خۆی و چۆنیەتی دیاریکردنی ئایندەی جیلەکانی.»

رۆژنامەنووس زریان حاجی، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان ئێستا بابەتێکی گەرمی گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێیە و تا ئاستێکی باشیش جێی گرنگیی وڵاتانی رۆژهەڵات و ئەوروپا و ئەمریکاشە، ئەمەش زیاتر گرنگی و پێگەی کورد لە ناوچەکە دەخاتەڕوو. ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا لایەنە سیاسییەکان دوو بۆچوونی جیاوازیان لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم هەیە، بۆچوونی یەکەمیان کە بۆچوونی پارتی و یەکێتی و زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانی دیکەیە، لەگەڵ ئەوەدان، کە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بە هەموو ئەگەرەکانەوە لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجام بدرێت، دەشڵێن «ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە و ئەگەری دووبارەبوونەوەی نییە، هەروەها بەشێك لە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان پێیانوایە، لەبەر هەستیاریی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، پێویستە هەموو ململانێ سیاسییەکان و هەموو رق و کینەکانی ناو ماڵی کورد وەلابنرێت، هەموو لایەکیش بەبێ جیاوازی پرسی ریفراندۆم بە پرسی خۆی بزانێت و بەرەوپیرییەوە بچن، ئاماژە بەوەش دەکەن «ئەگەر دەوڵەت دروست ببێت، دەتوانن رووبەڕووی هەموو ئاستەنگێك ببنەوە، بەڵام بە بێ دەوڵەت کەس حیساب بۆ کورد ناکات، هەروەها ناکرێت بەهۆی حزبێکەوە پرۆسەیەکی گەورەی وەك ریفراندۆمی سەربەخۆیی پەك بخرێت. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا کورد سەربەخۆیی دەوێت و دەتوانێت بەو هەموو ململانێیەوە بە سەربەخۆیی بگات، یان ئەم هەلەش وەك هەموو ئەوانەی پێشتر لە بار دەبرێت؟ من کەسێکی نەتەوەپەرستم، نەتەوەکەشم لەپێش هەموو شتێك و هەموو نەتەوەیەکی دیکە پێ باشترە، هیچ کاتێك پێمخۆش نەبووە، هاووڵاتییەکی عێراقی بم، چونکە کوردم و بە مافی خۆمی دەزانم دەوڵەتی سەربەخۆی خۆم هەبێ، لەگەڵ جیابوونەوەشم، نەك مانەوە لە عێراق.»

عەمید ئەرسەلان حاجی محەمەد رایوایە «ریفراندۆم شایەتمانی بوون بە خاوەن خاك و ئاو و وڵاتە و رزگاربوونە لە کۆیلایەتی و ژێردەستی»، هاوکات دەڵێت: «ئەو هەڵویستە بوێرانەیە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان هەڵمەت و شۆڕش و خەبات و قوربانیدانی زۆری بۆ کراوە، لە هەموو دنیاش ناوبانگی وایە کە پێشمەرگە پەلەپیتکەی چەکی لە پێناو ئەو ئامانجە گەورەیەدا تەقاندووە، خوێنی کورد و فرمێسکی ئافرەتی کوردی بۆ رژاوە و پەتی قەنارەی بۆ هەڵخراوە، بەڵام ئەوەی جێی داخە، ئەوەیە کە جاشی کوردزمان پارەی لە گیرفان نراوە، هەتا گەمە بە دیموکراسی و ئازادی بکات، نەخێری پێ سپێردراوی لە دژی سەروەرەی نەتەوەکەی بەرجەستە بکات.»


سامان سیوەیلی وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە، سەرەتا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پرسی سەربەخۆیی و بنیادنانی دەوڵەتی کوردستان پرسێکە شایانی ئەوە نییە بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی کوردستان دەیان ساڵە لەدەست ژێر دەستی و داگیرکاری و کاولکاری و جینۆساید وماڵوێرانی دەناڵێنن، تەنیا لەبەر ئەوەی لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی شکستخواردووی وەکو عێراقدا ماونەتەوە.» گوتیشی: «نەتەوەی کورد هەمیشە دەستی بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان درێژ بووە، بەڵام بەردەوام لەبەرامبەر ئەم دەستە ئاشتیخوازەدا، دەستی ستەم و پیلانگێڕی لەلایەن رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە بۆی درێژ کراوە، بۆیە هاوشێوەی هەموو گەلانی دیکەی جیهان ئێمەش مافی خۆمانە ببینە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان، لەم پێناوەدا دەیان و سەدان هەزار شەهید و ئەنفالکراو و کیمیابارانکراومان هەیە، نزیکەی پێنج هەزار گوندی خاپوورکراومان هەیە، ئەو هەموو قوربانییانە ئەگەر لەپێناوی ناسنامەی کوردبوون نەبێت، ئەی بۆچی بووە؟ لام زۆر سەیرە بەرەی دژە سەربەخۆیی جورئەتی ئەوە بەخۆیان دەدەن لەئاست ئەم خەونە گەورەیەی کوردان بە (نەخێر) دەنگ بەرز بکەنەوە، عێراقی ئەمڕۆ لە هەموو سەردەمانی پێشوو مەترسیدارترە بۆ کورد، هیچ خاڵێکی هاوبەش لەگەڵ عێراقدا کۆمان ناکاتەوە، هەتا زیاتریش لەو دەوڵەتە شکستخواردووەدا بمێنینەوە دەبێت چاوەڕوانی ماڵوێرانی و جینۆساید و پێشێلکاری زیاتری مافەکانمان بکەین، بۆیە من دەڵێم (بەڵێ) و هەزاران جار (بەڵێ)، داواش لەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەکەم بۆ ئەوەی خوێنی شەهیدان و قوربانیەکانمان بەفیڕۆ نەڕوات، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەبینەوە ژێردەستی عەقڵییەتی فەتلاوی -یەکان لەبەغدا، لە ٢٥/٩ دا دەنگ بە (بەڵێ) بدەن.

نووسەر و چاودێر شیلان محەمەد، پێیوایە پێش دەستنیشانکردنی وادەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دەبووا هەنگاوەکانی چاکسازی بە ئەنجام بگەیشتبا، لەوانە: بەشێك لەقەرزە کەڵەکەبووەکانی خەڵك بدرایەتەوە، کێشەی ئاو و کارەبا چارەسەر بکرایە و هەوڵی گێڕانەوەی متمانەی خەڵك بدرایە، لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانی لە چارەنووسی نەتەوەیی خۆی دەکات و دەڵێت: «من کچی شەهیدم و ناتوانم نەڵێم: بەڵێ بۆ شکۆمەندی و دابینکردنی ژیانێکی شکۆمەندانە بۆ تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان، بۆیە دەڵێم بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان».




ناسك سەعید:

**لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لە رووی کارکردنەوە لە ساڵی ١٩٩١وە لە عێراق جیا بووەتەوە و بە شێوەیەکی یاسایی و بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق وەک هەرێمێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی ناسێنراوە، دەکرێت بوترێت کە هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی بە گەیشتن بەو مەرجانە داوای سەربەخۆیی بکات**



شیلان جەبار:

**سەربەخۆیی و رزگاری لە بندەستی ئاوات و ئامانج و خەونی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان بووە و هەر لە سەر ئەم خەون و ئامانجەش قوربانییەکی زۆر دراوە و حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق هەمیشە هەوڵیان داوە ئەم خەونەمان زیندەبەچاڵ بکەن**



شیلان محەمەد:

**من کچی شەهیدم و ناتوانم نەڵێم بەڵێ بۆ شکۆمەندی و دابینکردنی ژیانێکی شکۆمەندانە بۆ تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان، بۆیە دەڵێم بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان**





# مامۆستایان و قوتابیان بە گەرمی پێشوازی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن

**ریفراندۆم شێوازێکی دیکەیە لە شێوازەکانی بەشداریکردنی هاووڵاتییان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا، ئەم ڕێگەیەش بە یەکێک لە ڕێگاکانی ڕاست و دیموکراسیی دادەنرێت، بۆ کوردیش گەورەترین گۆڕانکارییە کە لە مێژووی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتیدا ڕوویدابێت، مامۆستایان و قوتابیانی کوردستانیش وەک چۆن لە ڕابردوودا لە قەیران و بێ مووچەیی هۆڵەکانی خوێندنیان بەجێ نەهێشت و پێشمەرگەئاسا تێکۆشان، لە ئێستاشدا ڕایانوایە کە کاتی ئەوە هاتووە هەمووان پشتیوانی لە داواکارییەکەی سەرۆک بارزانی بۆ سەرخستنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بکەن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە باس لە گرنگیی ریفراندۆم و بەشداریکردن لەم پرسە چارەنووسسازەدا دەکەن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

د.سالار عوسمان مامۆستای زانکۆ لە دەستپێکی ڕادەربڕینەکەیدا دەڵێت: «سەربەخۆیی زەوتکراوە مافێکە هی من و تۆ و ئەم و ئەو و ئەوانیترە، هەموو ئەوانەی زەوتکارن دەبێ بزانن زاڵمن و هەموو ئەوانەش کە داوای سەربەخۆیی دەکەن، مەزڵوومن، کەواتە لە نێوان (زاڵم و مەزڵووم)دا مرۆڤ بڕیاردەری پڕئیدراکەو لەوەتەی مرۆڤیش هەیە ئەم ململانێیە ئیدراکییە بەردەوامە.» گوتیشی: «بارزانی پێشڕەوی مەزڵوومانە لەسەر ڕاستەڕێیەدایە، ئەوانەش کە بە هەر بیانوویەك دژی سەربەخۆیین، پشتگیریی لە زوڵم دەکەن و لەسەر چەوتەڕێدان، سەیرکەن و ببینن، لەم وێستگە مێژووییەدا کێ لەگەڵ ڕاستیدایەو کێش ملی چەوتەڕێی گرتووە. ئەم بەراوردە بەر لەوەی بەراوردێکی سیاسی بێت، بەراوردێکی ویژدانی و ئەخلاقییە. دڵنیام زوڵم دەشکێ، دڵنیام ڕاستەڕێی سەربەخۆیی دەگاتە مەنزڵ و مەزڵوومان مافی زەوتکراویان دەسەننەوە. بە کورتی ئیدراك فریادڕەسی نێو هاوکێشەی خێر و شەڕە، کوردستان خاکی خێر و چاکەیەو سەربەخۆیی تاجی ئەو خێرەیە و بارزانی و تێکۆشەرە جددی و ڕۆشنبیرە ڕاستبینەکان و هاووڵاتیانی مەزڵوومی ماف زەوتکراو هەموویان بەیەکەوەن و سەربەخۆیی دەستەبەر دەکرێت.»

ڕامان نەوزاد قوتابی پۆلی هەشتی بنەڕەتییە لە قوتابخانەی هەورامان-ەو دەڵێت: «هەمیشە خوێنەری وتەیەکی جوانی بارزانی نەمرم و لەئاست ئەو وتەیەدا خۆم بە بەرپرسیار زانیوە، کە وتوویەتی (قوتابیان سەری ڕمن)، منیش هەستم بەو ئەرك و بەرپرسیاریەتییە کردووە کە لەسەر شانمە وەك کوردێك و وەك قوتابییەك، بۆیە نابێت لە تێکۆشان بۆ نیشتمان بوەستین، بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا کە کوردستان پێویستی پێمانە و ڕۆژی دەنگدانە بۆ سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەت، بە نووکی پێنووسەکەم سنووری کوردستان دەنەخشێنم و دەڵێم (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان.»

ڕووناك شێخ محیەدین سەرپەرشتیاری پەروەردەییەو ڕایوایە «مامۆستا هەمیشە وەك مۆمێك سووتاوەو دەسووتێ لە پێناو پێگەیاندنی نەوەی نوێ بۆ گەل و وڵاتی، بۆ ئەمەش شەونخونی زۆری کێشاوە، تا باشترین و چالاکترین بەرهەمی هەبێت. هەمیشەش مامۆستا سەرقافلەی شۆڕشەکانی کوردو کوردستان بووە.» گوتیشی: «مامۆستایان دەزانن کوردستان

**بارزانی پێشڕەوی مەزڵوومانە لەسەر ڕاستەڕێیەدایە، ئەوانەش کە بە هەر بیانوویەک دژی سەربەخۆیین، پشتگیریی لە زوڵم دەکەن و لەسەر چەوتەڕێدان، سەیرکەن و ببینن، لەم وێستگە مێژووییەدا کێ لەگەڵ ڕاستیدایەو کێیش ملی چەوتەڕێی گرتووە**





هەتا چاومان لە بەغدا بێت و لەگەڵ عەرەب بمێنینەوە، بەهیچ شێوەیەک ناگەین بە هیچ ئاواتێکمان. بۆیە با هەموومان لە ڕۆژی ریفراندۆم بەشدار بین و بڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی و نا بۆ ژێردەستەیی

چاونەترسی و قارەمانێتی گەلی کورد بە درێژایی مێژوو یەکڕیزیی ناوخۆیی بۆ پرسە چارەنووسسازەکان وایکرد، نەک نەیانتوانی کورد لە ناو بەرن، بەڵکو هەر هەوڵێک بۆ شکست و لە ناوبردنی کورد درا، زیاتر کوردی تینووی ئازادی و سەربەخۆیی کرد

لەسەر هەر تاکێکی کورد پێویستە بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی شانازی بە کوردبوونی خۆی بکات و تەواوی ئامادەباشی خۆی دەرببڕێت بۆ بەشداریکردن لەم گشتپرسییە کە چارەنووسی نەتەوەییمان دیاری دەکات

چاوەڕێی هیممەتی ئەوانە کە رزگاری بکەن لەو دیلایەتییە، بۆیە بە پێنوسە بەنرخەکانیان وشەی «بەڵێ» لە ریفراندۆم دەنووسن. هەمیشە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان ئێمەیان پاراستووە لە شۆڕشە جیاوازەکانداو پشت و پەنامان بوون و خوێنی شەهیدان کوردو کوردستانیان پاراستووە. (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان)، کوردستانییان دەپارێزێت لە میلیشیاکانی داگیرکەرانی خاکمان و سەرکەوتن لە ریفراندۆم وادەکات جارێکی دیکە خوێنی نەوەکانمان نەڕژێت و ئەنفال و کیمیاباران نەکرێین، وشەی (بەڵێ) واتا سەربەستی و سەربەخۆیی و سەربەرزی و رزگاربوون لە هەموو نەهامەتییەکان .»

دەرباز عەلی قوتابی زانکۆی سۆرانە لە بەشی کۆمەڵناسی و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لەهەموو وڵاتانی جیهاندا هەمیشە چینی گەنجان و قوتابیان رۆڵ و پێگەیەکی بەهێزیان لە بنیادنانی کۆمەڵگە و دروستبوونی دەوڵەت هەبووە، لە کوردستانیش گشت کاتێك قوتابیان جێگەو پێگەیێکی دیاریان لە شۆڕش و راپەڕین و رەهەندی نیشتمانی هەبووە و بە نهێنی و بە ئاشکرا خەباتیان کردووە، لە دژی ئەو هەموو زوڵم و ستەمانەی کە دەرحەق بە نەتەوەکەمان کراون، لە ئێستادا ئێمەی قوتابیان ئەرکێکی ترمان کەوتۆتە سەرشان ئەویش بریتییە لە سەرخستنی پڕۆسەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بنیادنانی دەوڵەتی کوردستان. لە ئێستادا دەرفەتێك هاتۆتەئاراوە بۆ دەربازبوون لە ژێر زوڵم و ستەمی داگیرکاری و هەموومان بە دڵ و بە گیان کار دەکەین بۆ سەرخستنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی، هەر بە (بەڵێ) ئێمەش دەوڵەت دروست دەکرێت.»

بەهزاد تاهیر مامۆستای زانکۆ و قوتابی دکتۆرایە لە بەڕێوەبردنی دارایی، سەرەتا بەمجۆرە پێناسەی ریفراندۆم دەکات: «ریفراندۆم بریتییە لە دەنگدانی تێکڕای خەڵکی وڵاتێك، یان سنوورێکی دیاریکراو، بۆ دەربڕینی بیروڕای خۆیان. لە دوای سەدەی هەژدەیەم سەدان ریفراندۆمی نەتەوەکان لەسەر پرسە جیاوازەکان ئەنجام دراوە.» گوتیشی: «سەربەخۆیی واتا پچڕانی زنجیرەکان، واتا کۆمەڵێکی جیاوازی خەڵك دەژین لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو یەکچوونیان هەیە لە رووی نەژادی و قەومی و کەلتووری، یان هەر فاکتەرێکی تر، کە وایان لێدەکات پێکەوە بن. لە دەرئەنجامی بیرکردنەوەیان مەنتیقی خۆیان رزگاربکەن لە ئیدارەدانیان لە لایەن کەسانی تر کە لەبنەماو بنەڕەتدا جیاوازن لە یەکدی. بۆ نموونە" لە ساڵی ١٩٧١ خەڵکی رۆژهەڵاتی پاکستان بڕیاری خۆی دا و خۆی ئازاد کرد لە پاکستان و بوون بە دەوڵەتی بەنگلادش. خەڵکی رۆژهەڵاتی پاکستان بەشێوەیەکی گشتی رەنگی بەنگالییان هەبووە، هەروەها دابونەریت و کەلتووری بەنگالی و تایبەت بەخۆیان هەبوو، تەنیا دینیان نەبێت . ئەگەر سەیری کەیسی خۆمان بکەین، دەبینین هەمان شت راستە و هیچ لێکچوونێکمان نییە لەگەڵ عەرەب و هەموو شتێکمان جیاوازە، تەنانەت بیرکردنەوەشمان، کورد بە درێژایی مێژووی سەد ساڵەی رابردووی لەگەڵ حاکم و فەرمانڕەواکانی عێراق تووشی سەدان کارەساتی ناخۆش بووە. بۆیە ئەمە ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوایەتییە کە هەموومان بەشداری بکەین لە پرسی سەربەخۆیی بۆ کوردستان و بە (بەڵێ) دەنگ بدەین .»

هێڤی ئیسماعیل قوتابی زانکۆی سۆرانە لە بەشی زمانی ئینگلیزی، ئەویش رایوایە ریفراندۆم پرسێکی نەتەوەییە و تایبەت نییە بە پارتێك یاخود لایەنێکی دیاریکراو، بەڵکو موڵکی هەر تاکێکی کوردە بە گەورە و بچووکەوە. گوتیشی: «ئێمەی گەلی کورد وەکو هەموو گەل و نەتەوەیەك سەربەخۆیی بە مافی خۆمان دەزانین، چونکە خاوەن مێژوویێکی پڕ لە سەروەری و خەبات و تێکۆشانین. چەندەها سەدەیە لەلایەن وڵاتانی دراوسێ و داگیرکەرەوە زوڵم و ستەم لە کورد لێدەکرێ، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و ستەمە کە دەرهەق بە گەلەکەمان کراوە، هەرگیز کورد کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە لە بەرگریکردن لە ماف و دەستکەوتەکانی، بۆیە لەسەر هەر تاکێکی کورد پێویستە بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی شانازی بە کوردبوونی خۆی بکات و تەواوی ئامادەباشی خۆی دەرببڕێت بۆ بەشداریکردن لەم گشتپرسییە کە چارەنووسی نەتەوەییمان دیاری دەکات، بۆیەبا هەموومان بە یەك دەنگ و یەك بیروڕا بڵێین: بەڵێ بۆ بە خاوەن دەوڵەت بوون .»

حەسیبە سەعید مامۆستای قوناغی بنەڕەتییە لە سۆران و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ریفراندۆ، دەنگدانێکی راستەوخۆیە کە تیایدا داوا لە تەواوی دەنگدەرانی وڵاتێك دەکرێت، بۆ دەنگدان لەسەر پێشنیازێکی دیاریکراو کە لەلایەن کەسێك، یاخود دامودەزگایەك بۆ پرسێکی گرینگ و گشتگیر ئامادە دەکرێت. کەواتە میکانیزمی دیموکراسیی ئێمەش وەك گەلێکی مافخوراوی ستەم لێکراو وایە بەم رێگا شەرعییە دەمانەوێت بگەین بە مافە رەواکانمان و دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بنیاد بنێین.» گوتیشی: «هەنگاوەکانی گەلی کورد بۆ مافی بڕیاردان لە چارەنوس بە ئاسانی نەهاتۆتەدی. بەڵکو ئەم هەنگاوە مێژووییە لە دوای هەول و تێکۆشانێکی زۆری سەرکردایەتی کوردو قوربانیدان و فیداکردنی سەدان هەزار گیان لە پێناو سەربەخۆیی و لە بەرامبەر زوڵم و ستەمی زۆری داگیرکەران بووە کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون میللەتی کورد بێ ناونیشان بکەن. بەڵام چاونەترسی و قارەمانێتی گەلی کورد بە درێژایی مێژوو یەکڕیزیی ناوخۆیی بۆ پرسە چارەنووسسازەکان وایکرد، نەك نەیانتوانی کورد لە ناو بەرن، بەڵکو هەر هەوڵێك بۆ شکست و لە ناوبردنی کورد درا، زیاتر کوردی تینووی ئازادی و سەربەخۆیی کرد .»

سالار برادۆستی مامۆستای بنەڕەتی لە قوتابخانەی خەلیفانی سیدەکان، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ریفراندۆم یەکێکە لە خواستەکانی گەلی کورد و ئاواتی لە مێژینەی ئەم نەتەوەیەو بە ئەنجامدانی ریفراندۆمیش دەگەینە کەناری ئارامی، بەتایبەت بۆ باشووری کوردستان و رزگاربوون لە دارودەستەی بەغدا، بۆیە ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە کە بۆ کورد رەخساوە هەتا بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدات و چیتر بە ژێردەستەیی نەژیت و وەك میللەتانی دیکە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت.» گوتیشی: «ریفراندۆم پەیوەندی بە بڕیاری هەموو تاك بە تاکی کوردستانییانەوە هەیە، بۆیە هەتا چاومان لە بەغدا بێت و لەگەڵ عەرەب بمێنینەوە، بەهیچ شێوەیەك ناگەین بە هیچ ئاواتێکمان. بۆیە با هەموومان لە رۆژی ریفراندۆم بەشدار بین و بڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی و نا بۆ ژێردەستەیی.»